کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-9-2007 15:51 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئاگادارییەکی گرنگ بۆ کوردانی شاری کۆلن /ئەڵمانیا و دەوروبەری

خوشکان و برایانی کورد :
هەموومان دەزانین ژیانی غوربەت و دووری دەردو ئازارو زامی تایبەت بە خۆی هەیە!، لە زۆر بوارەکانی ژیاندا و بە تێپەڕ بوونی کات ، جەستەو دەروون توشی ئازارو بێ تاقەتی دەبێت! . منالەکەنمان لە دوو فەرهەنگی ماڵەوەو دەرەوە دا گەشە دەکەن کە پارسەنگ کردنی لە لایەن خێزان و باوکان و دایکانەوە سەخت و گرانە !، ئیش و کاری بەردەوام و ماندووبون و هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستییەکان و گرفتی زمانی و کولتووری و دابو نەریتی جیاواز و بیرو ڕا !، کێشەی خوێندن و کار بۆ گەنجەکانمان و لەیەکتر تێ نەگەیشتن لە زۆربەی ماڵە کوردەکاندا بەرجەستە بووە ! ، سەرەڕای ناکۆکی نێوان ژن و مێردایەتی و لێک ترازانی شیرازەی خێزانی و سەرگەردانی منالّ و زۆر هۆکاری تر وایکرد کۆمەڵێک کەسانی دڵسۆزو پسپۆڕ لە بوارەکانی ژیاندا، سەنتەری کولتووری کوردی لە شاری کۆلن _ئەڵمانیا بە ڕەسمی ڕۆژی یەکی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ بکەنەوە و ڕۆژانە بە خولی زانستی و هونەری و وەرزشی و فێر بوونی زمانی کوردی بۆ منداڵان دەست بەکاربن ولەهەمان کاتدا لە بواری ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و خێزانی و دەرووونی و کاروباری گەنجان و قەیرانی ئەو قۆناغە بە هاونیشتمانیان کۆمەک بکەن.
ئەم سەنتەرە لە پلان و نەخشەیدایە ببێتە ماڵی دووەمی هەموو کوردێک و ئەرکی نەتەوەیی خۆی لە خزمەت بە ڕەوەندی کورد بە شانازی یەوە بەجێ بگەیەنێت.
شوێن :

Ebertplatz ٢٣
٥٠٦٦٨ Köln

سەنتەری کولتووری کوردی –کۆلن

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن تا کردنەوەی سەنتەر بەم ژمارانەوە پەیوەندی بگرن :
تەلەفون :
٠١٧٧٢٨٦٠٧٧٣
٠١٧٨٧٦٦٣٧٦٨

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.